بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٢٣) لە ٢٠٢١/١٢/١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١) لە ٢٠٢١/١٢/١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. دامەزراندنی هەمیشەیی سێ یەکەمەکانی سەر ئاستی کۆلێژ و بەشەکانی زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان لە دەرچووانی ساڵی خوێندنی ٢٠١٦-٢٠١٧ لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٢. ناوبراوان لە بڕگەی (١)ی سەرەوە سەرپشک دەکرێن لە هەڵبژاردنی هەر وەزارەتێک یان لایەنێکی دیکەی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ دامەزراندن لە بری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

٣. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ هێنانەکایەی پلەی وەزیفی و تەرخانکراوی دارایی بۆ ناوبراوان لە بڕگەی (١)ی سەرەوە.

٤. ئەم بڕیارە لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ دەکەوێتە بواری جێبەجێکردن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران